پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .
بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆژەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند رەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵك لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

## کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر ناکر

عبدالرحمان مەولود
armyunis@connect.carleton.ca

پێشەکی
کەم نین لە راست و چەپی کوردستان و هەموو عێراقیش ئەوانەی کە پێیان وایە دەکرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بکرێت. هۆیەکانی گەیشتن بەو تێروانینەش یان ئەو هەلوێستە سیاسیەش جیاوازن . ئەگەر لەوانە گەرێین کە ئەو هەلوێستەیان وەرگرتووە بە بێ روونکردنەوەیەکی رۆشەن ، ئەوا تێروانینەکان لە چوارچێوەی بە پیرۆز زانینی یەکێتی خاکی عێراق ، پێکەوە ژیانی برایانەی کوردو عەرەب ، موسلمان بوونی گەلانی عێراق و پاراستنی یەکێتی چینایەتی چینی کرێکاری عێراق کۆدەکرێنەوە. من پێم وایە ئەو هەلوێستانە زیاتر لە سۆزەوە سەرچاوە دەگرن تا لە هەلسەنگاندنی واقع ، واتە خاوەنی ئەو تێروانینانە ئەوەی جێ رەزامەندی و ئارەزووی دلێ خۆیانە دەیخەنە شوێنی راستیەکان. من لەو هەوڵەدا بیرو رایەکی جیاواز واتە، ئیمکان نەبوونی بنبرکردنی ستەمی میللی لە سەر کورد لە چوارچێوەی عێراقدا ، دەخەمە روو و بەرگری لێ دەکەم. من لە سێ خالی سەرەکیەدا : 1- ئەو هەل و مەرجەی کە ئەورۆ لە سایەدا دەولەتی عێراق دروست دەکرێتەوە 2- چانسی سەرکەوتنی دیوکراسی لە عێراقدا 3 – ژێرخانی ئابووری عێراق و کاریگەری لە پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەلگای عێراقدا ، تێروانینی خۆم دەخەمەروو

### 1- هەلْ و مەرجی دروست کردنەوەی دەولەتی عێراق

ئەو هەلْ و مەرجەی کە ئەورۆ عێراق لە سایەدا دروست دەکرێتەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لە گەل ئەو هەلْ و مەرجەی کە بۆ یەکەم جار عێراق لە ژێر سایەدا دروست بوو. بەرژەوەندی ئێمپریالستانەی وولاتە سەرکەوتووەکان لە شەری جیهانی یەکەم مایەی پێکهێنانی دەولەتی عێراق بوو ، ئەورۆش دووبارە لە ئەنجامی سەرکەوتوون لە شەردا و بە پێ بەرژەوەندی نزیکەی هەمان وولاتە ئێمپریالستەکان پرۆسەی دروست کردنەوەی عێراق دەچێتە پێش. ئەو هێز دەرەکیانەی کە گاریگەریان هەیە لە سەر پرۆسەی دروست کردنەوەی عێراقدا ، دواترین شتێک لە بەر چاوی بگرن دووبارە نەکردنەوەی مێژووی تراژیدیای عێراقە. ئەوەی شارەزایەکی کەمی کار و رەفتاری ئەمریکا و ئینگلەند و هێزەکانی تری دەرگیر لە کێشەی عێراق بێت ، دەزانێت کە ئەو هێزانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان سلْ ناکەنەوە لە دامەزراندنی ئاپارتایدترین سیستەم. هەر بۆیە هەر هیوا و متمانەیەک خەلکی کورد هەی بێت بەو هێزانە بۆ دروست کردنەوەی وولاتێک کە تیایدا تراژیدیاکانی رابردوو دووبارە نەبێتەوە ، بە تایبەتی چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کورد، لە جێ ی خۆی دا نی یە.

## 2- چانسی سەرکەوتنی دیوکراسی لە عێراقدا

رەنگە بە تێروانینێکی راسستانە و سوکایەتی کردن بە خەلکی عێراق بدرێتە قەلەم ئەگەر بە سادەیی بلێ ی چانسی سەرکەووتنی دیموکراسی واتە، دروست کردنی سیستەمێکی پەرلەمانی ، دەستووری ، فرە حیزبی و رێزگرتن لە یاسا لە نریک ماوەدا لە عێراق نزیک بە سفرە. راستیەکەی بۆ منیش جێگای پرسیارە، لە شوێنێکدا (میزۆپۆتامیا) بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی نووسین و یاسا دۆزرابێتەوە ، بۆ یەکەم جار کانزای برۆنز بەکار هات بێت ، هێندە بێ یاسایی بکرێت و هێندەش بە دوا کەوت بێت لە بوارەکانی ژیان دا . بەلام رابردوو هێچ لە واقعی ئەمرۆ ناگۆرێت . ئەورۆ لە عێراق دا وەک هەموو وولاتە گەشەسەندووەکانی تریش روحیەتی لە یەک گەیشتن ، تێگەیشتن لە ماف و رای بەرامبەر ، تێروانینی مرۆڤ دوستانە بۆ ژیان و ژینگە ، بیرکردنەوەی عقلانی و رێز گرتن لە یاسا و بەکارهێنانی دایەلۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئاستێکی زور نزم دایە. تێگەیشتن لە هۆیەکانی ئەمانە پێوستی بە لێکۆلینەوەی تایبەت هەیە ، بەلام گومانی تێدا نی یە کە دەسەلاتی زیاتر لە 30 سالی بەعس فەرهەنگی دژە مرۆیی لە عێراقدا گەشە پێداوە. بۆ نموونە لە عێراقدا پرۆفسۆری ئەوتۆ هەبوون ، رەنگە ئێستاش هەر مابن ، کە نامەی دکتۆراکەیان لە سەر ئەوە بوو "صدام حسین قائد الـ رورة" یە. پرۆفسۆر و سەرۆک بەشی وا هەبوون کە لە رۆژی "بیعەی سەدام حسێن" بۆ ئاستی گەرانی ناو ئاودەست خانەکان دادەبەزین بۆ ئەوەی ئەو قووتابیانە بدۆزنەوە کە خۆیان دزیوەتەوە لە چوون بۆ "بەیعەی سەدام" . لە عێراقدا مرۆڤی وا هەن ، بە ژمارەش کەم نین ، کە لە هەموو ژیانیان هەر چەک بە دەست بووینە و هەر رۆژەش بە ناوێک، ئازاری خەلکی شەرافەتمەند پیشەی ژیانیان بووە و بە هۆیەوە ژیاون. کەم نین ئەو سەربازانەی هەلْیان دەکوتیە سەرمالان و ئازیزانیان لە باوەشی دایکان دەردەهێنا بۆ ئەوە هەر لەو بەر، لە پەنا دیوارێک گوللە بارانیان بکەن – سەربازی کردن بە زۆرە ملێ بوو بەلام دەستریژی کردن لە ژن و مندال و خەلکی سیڤل نا . کەم نەبوون ئەو مێژوو نووسانەی مێژوویان تەزویر دەکرد ، ئەو خاوەن پیشەیانەی بە پێچەوانەی سوێندی پیشەیان رەفتاریان دەکرد. با واز لە سەرۆکی وولاتیش بێنین کە لە کاتی سەر چۆپی کێشان یان سیغاری کوبی بە دەستەوە دەگرت یان بە تفەنگی برنەوی تەقەی خۆشی دەکرد . ئێستاش ، هێچ ئال و گۆرێک بەرەو باشی بەسەر ئەو مرۆڤانە نەهاتووە کە مێژووی خۆێناوی هەشتا سالی رابردوویان دروست کردووە. هوتافی " بروح بدم نفدیک یا صدام " لەسەرەتا گۆراوە بە " بروح بدم نفدیک یا امریکا " ، دواتر بوو بە " بروح بدم نفدیک یا عیراق " و " بروح بدم نفدیک یا صدر ". ئەگەر هەر بەتەنها کەمێک سەرنجی ئەو هوتافە 5 ووشەیە بدەین کە 4ی ووشەی تیایدا نەگۆرە رەنگە زۆر شت دەربارەی کۆمەلگای عێراق فێربین. من لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم ، رەنگە وە بیرهێنانەوەی ئەو دواکەتوویەی لە سەرەوەدا باسم کردن ئازارمان بدات و یادگاری ناخۆشمان بیر بخاتەوە، بەلام بەو هیوایەم بە باس کردنیان بتوانیین رێگا لە دووبارە بوونەوەیان بگرین. بەداخەوە ، هێشتا زۆری ماوە بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عێراق بگاتە ئەو ئاستەی کە پێش ئەوەی ئازاری مرۆڤێکی تر بدات دەیان پرسیار لە خۆی و کارەکەی بکات ، پێوستیشی بە موعجیزە هەیە تا عێراق

ببێتە وولاتێک بۆ نموونە لە چەشنی کەنەدا یان سوسیسرا ، تا ئەو کاتەش قسەکردن لە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی عێراقدا بێ سوودە.

## 3- ژێرخانی ئابووری عێراق و کاریگەری لە پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەلگای عێراقدا

چۆنیەتی رێکخستن و بەرێوەبردنی کۆمەلگا، تێگەیشتن لە چەمکەکانی مافی تاک و کۆمەل و یاساکانی رێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتی تا رادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی بارو دۆخی ئابووری وولاتە. ئاڵ و گۆر لە ئابووریدا ، گۆرانکاری لە کۆمەل دا بەرهەم دێنێت ، کۆنسێپت و چەمکی کۆن کۆتای پێ دێنێت و کۆنسێپت و ئایدیای نۆی لە جێگایاندا دەچەسپێنێت. بۆ نموونە کاتێک وولاتێک لە رووی پێشەسازی یەوە پێش دەکەوێت ، کێشمەکێش و قسەش لەسەر یاسای پاراستنی خاوێنی ژینگە دێتە گۆرێ ، لە جیهانی بوونەوەی ئابووری دا یاساکانی کۆچ کردن و سنوورەکان ئاڵ و گۆریان بەسەردا دێت . کاتێکیش کێشمە کێش لە نێوان کۆمپانیەکان پەیدا دەبێت ، یاسا بۆ رێکخستنی کێشمەکێشی کۆمپانیەکان دەنووسرێت و یاسای تایبەت بە چۆنیەتی خستنەکاری سەرمایە، کرین و فرۆشتنی پشک ( سهم ) و بۆند پەیدا دەبن. لە ئەنجامی ئەو هەموو ئاڵ و گۆرانەش ئاو هەوایەکی گونجاو دروست دەبێت کە دەسەلاتی یاسا رۆژ بە دوای رۆژ زیاد بکات و ئەرک و مافەکانی تاک و کۆمەلیش فۆرمەل تر و پارێزراو دەبێت. رێگا بۆ بەکارهێنانی دایلۆگ لە جێگای کوشت و برِ و سەرکوت ئاوەڵاتر دەبێت. بۆ نموونە شێوەی ژیانی زۆربەی وولاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستراليا و وولاتە گەشەکردووەکانی ئاسیا بەشێکی زۆری لە ژێر کاریگەری گەشەی ئابووری و پێویستی بازار بە بوونی کۆمەلگای ئارام و یاسایی هاتۆتە کایەوە . لە عێراقدا ئەو هیوایەش نی یە کە گەشە کردنی ئابووری و کێشمەکێشی بازار ئاسایش و دەولەتی یاسا بەدی بێنێت. تەنها کالایەک ئەورۆ عێراق هەی بێت نەوتە، ئەویش دەفرۆشێت و پارەکەشی دەخۆرێت و پێوستیشی بە هیچ یاسایەک و رێسایەک نی یە. هەموو ئەو کارگەو کارخانانەش کە لە عێراقدا هەن ئەگەر تا ئێستا دانەخرا بن ، ئەوە لە ماوەیەکی کورتدا دەبێت دەرگاکانیان دابخەن ، چونکە نە جگەرەی سۆمەر و نە جگەرەی بەغدا دەتوانی بەربەرکانی لە گەل دیمۆرەو مالبۆرۆ بکات، نە تەلەفزیۆنی قیسارەش دەتوانی بەربەرەکانی تەلەفزیۆنی شاشە فلاتی سۆنی بکات، نە کارگەی نانە قەیسی سلێمانی و کفتەی سابوون کەران دەتوانێ لە بەرامبەر چۆکلێتی ئۆهنری و ماکدۆنالد بوەستێت ... تاد

## 4- دەرئەنجام

مێژووی 83 ساڵی رابردوو نیشانی دا کە پێکهێنانی عێراق پرۆژەیەکی فاشل بووە ، عێراق هەرگیز وولاتێک نەبووە کە گەلانی جیاوازی تیایدا بەیەکەوە بە شێوەیەکی هارمۆنیک ژیا بن ، ئەو جارەش نابێت. هەر هێوایەکیش بە چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کوردو بنبرِکردنی ستەمی میللی لە چوارچێوەی عێراقدا سەرابە.

.